## کۆمیتەی داکۆکی کردن لە ئازادکردنی د.کەمال

## دوای ئازادکردنی د. کەمال

سامان ئەحمەد

هەرچەندە تا ئێستا د. کەمال ئازاد نەکراوە بەڵام بەهۆی دەنگ هەڵبڕین و هاتنەمەیدانی کەسان و ڕۆشنبیرانی ئازادیخواز لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە دژی ئەم قەڵەم شکاندن و دەم بەستنەی پارتی، د.کەمالی لە ئیختیتاف کراوێکی بێ سەرو شوێنەوە گەیاندە یەکێك لە ڕەمزەکانی بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادی سیاسی لە کوردستان. ئەمڕۆ د.کەمال لەزیندانداا زیاتر لە هەموو کاتێکی ئیدیعای پووچی ئەوانی لەسەر دیموکراسی نیشاندا و بە پێچەوانەشەوە پارتی لە ژێر گوشارێکی توندی سیاسی دا گیری کردووە و ناچاربووە لە زمانی قەڵەم بەدەستانی فندق شیراتۆن و کرێگرتەی وەکو (حەمەسەعید حەسەن و ئازا حەسیب قەرەداغی )یەوە مل بە خواستی ئازادکردنی ! د.کەمال بدات . ئەمڕۆ ئومێدی ئازادبوونی د. کەمال زۆر نزیکە.

بەڵام پرسیارێك کە ئەمڕۆ لەبەردەمی هەمووماندا دەمێنێتەوە ئایا ملهوڕی و پێ شێلکردنی ئازادی سیاسی دوای ئازادکردنی د. کەمال کۆتایی پێ دێت . ئایا پێش زیندانی کردنی د.کەمال ملهوڕی و سەرکوتی سیاسی لە کوردستان بۆچی بەئاسانی بۆ یەکێتی و پارتی دەچووە سەر ؟ ئایا دەتوانین حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ناچار بکەین مل بە ئازادی سیاسی بدەن ( ئازادی بیروباوەڕ ، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان ، ئازادی کۆبوونەوە و میتینگ، ئازادی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئازادی ڕێکخراوبوون ... هتد) لەکوردستاندا.

کەمپینی داکۆکی کردن لە ئلزادکردنی د. کەمال سەرەڕای هەر کەم و کوڕیەك سەرەتای جوڵانەوەیەکی سەراسەری بوو لە دژی سەرکوتی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان. ئەم بزووتنەوەیە هیچ سنوورێکی حزبی و ئایدۆلۆژی و فکری و عەقیدەتی نی یە ، بزووتنەوەی بەرگری کردنە لە ئازادی سیاسی و لە ئینسان. ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری خواستێکی قوڵی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستانە. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و خواستەکانی خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی ژیان و گوزەرانیان و کۆمەڵگاکەیان وەکو ماسی بۆ ئاو تینوی ئازادی سیاسین. لاوانی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە کە دەنگیان هەڵبڕی نەکەونەبەر شەقی دەزگای ئاسایش و نەکەونە ژێر چاودێری دەزگای  پاراستن و زانیاریەوە، پێویستیا بەوە هەیە کە ڕژانە سەر جادەکان ڕووبەڕووی تەقەلێکردن و کوشتن و بریندار کردن و زیندانی کردن نەبنەوە.

ئەگەر سەرکوتی سیاسی تەنها چەکی دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوە بە  خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان ئەوا  تەنها چەکی دەستی خەڵکیش بۆ بردنە پێشەوەی خەبات و ئامانجەکانی خۆیان سەپاندنی ئازادی سیاسی یە لە کوردستاندا بەسەر ئەم حزبە دەسەڵاتدارانەدا.

ناکرێ کەمپینی داکۆکی لە ئازادکردنی د. کەمال کەمپینێکی ئەنتی پارتی بێت، بەڵکو پێویستە سەد بەرابەر کەمپینێکی ئەنتی سەرکوتی سیاسی بێت لەکوردستاندا و لە بەرامبەر هەرکردەوەیەکی سەرکوتی سیاسی بوەستێتەوە. ئەوەتا لە گەرمەی ئەم کەمپینەدا تەقە لە خۆپیشاندانەکانی شاری کەرکوك دەکرێت و یەکێتی هەڕەشە لە ئازاد مەجید هەڵسوڕاوێکی جەماوەری خەڵکی کەرکوك دەکات. دەبێ هەموو ئەم جۆرە کردەوانە لە ئاستی جیهانی دا ڕیسوابکرێن و بەریان پێ بگیرێت.

ئەمڕۆ ناڕەزایەتی و هەول و تێکۆشانی جەماوەری ملیۆنی کوردستان لە دژی گەندەڵی و دزی و تاڵانی و بێ بەشی و بێماڤی و نەبوونی کەمترین خزمەتگوزاری و گرانی و هەژاری وبێکاری .... پێویستی بە جووڵانەوەیەکی

بەرگری لە ئازادی سیاسی یە ، ئەویش نەك تەنها بە نووسین و مەحکوم کردن بەڵکو بە دەنگ هەڵبڕین و هاتنە مەیدان هەروەکو ئەوەی بۆ داکۆکی کردن لە ئازادکردنی د.کەمال دەستی بۆ برا.  بەجێهێشتنی ژوورەکانی پاڵتاك و هاتنە سەرجادەو گرتنی بەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا دەنگی کپ کراوی د. کەمالی لە زیندانێکی کەس نەزانەوە گەیاندە هەموو دنیا، ئەگەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی خەڵکی کوردستان ئەم حزبانە ناتوانن چی تر بەوێنە و بە چەشنی ڕژێمی بەعس وەڵامی خەڵك و قەڵەم بەدەستان و ڕۆشنبیران بدەنەوە و ناچار دەبن مل بە گوێکرتن لە خەڵك و خواستەکانیان بدەن و جورئەتی ئەوە ناکەن قەڵەم بشکێنن و دەمی کەسانی ئازادیخواز ببەستن. ئەگەر بەیانی لە ئاکرێ ودهۆك یان لە ڕانیە و کەلار یەکێتی و پارتی تەقە لەخۆپیشاندانی خەڵك بکەن دەبێ لەوە دڵنیا بن کە بۆ ڕۆژی دوایی لە هەموو جیهاندا ڕیسوا دەکرێن و لە هەموو لایەکەوە فشاریان دەچێتەسەر . ئەم کارە کاری ئەم بزووتنەوەیەیە چ لە ئێستادا و چ لە دوای ئازادکردنی د.کەمالدا . ئەمە ئەو کار و ئامانجەیە کە پێویستە کەمپینی داکۆکی لە ئازادکردنی د.کەمال بیکاتە هەوێنی کارەکانی ئەمرۆ و ئایندەی. کەمپینی بەرگری لە ئازادی سیاسی لە کوردستان ئەو بەرگ ئەو ناوەیە کە دەبێ ئەم بزووتنەوەیە خۆی پێ ئارایش بدات و لە خزمەتی ئازادی و ئینسانیەت لە کوردستان لە مەیداندا بێت.